# ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژوویی سەبارەت بەوەهابیەت

کۆکردنەوەی: م/ وریا

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم، اما بعد:**

**خـــاڵی جیـــاوازی وناکۆکیلـــە نێـــوان پێغەمبەران ومیللەتەکانیان تـەنها لەسـەر یەکخواپەرستیپەرستن بووە[1].**

**لە نوحەوە﴿ﷺ﴾تاوەکو پێغەمبەر محمد ﴿ﷺ﴾بگــرە هــەموو ئەوانــەیش کــەوا**

---

(1)- یەکخوا پەرستی(توحید) واتـە/ بـە تـاك زانینـی خـــوای پـــەروەردگار لـــە هـــەر ســـێ جۆرەکـــانی یەکخواپەرستی کە لە خوارەوە باسیان دەکەین : .

أ-(توحيد الربوبية) یەکخواپەرستی لـە پـەروەردگارێتی خوای گەورەدا/ بریتی‌یە لەو تەوحیدەی کەوا باوەڕت وا بێت خـوای پـەروەردگار بـە تـەنها دروسـت کـەرە و بـە تەنها ڕۆزی دەرە و مردن و ژیانیش هەر بە دەست ئەوە ،وە هـیچ هاوبەشـێکی نی‌یـە،وە ئـەم تەوحیـدەیش هاوبەش بڕیاردەرانی کـاتی پێغەمبـەر﴿ﷺ﴾ باوەڕیـان پێی هەبوو، بەڵام بە تەنها باوەڕهێنانیان بەم تەوحیـدە نـەیانی کـردە نـاو بازنـەی ئیـسلامەوە و بەموسـڵمان نەژمێردران .

ب– ( توحید الالوهیە) یەکخواپەرستی لەپەرستنی خوای گەورەدا/ بریتی‌یە لەوتەوحیدەی کە هەموو پەرستنەکان بە تەنهابۆ خوای پەروەردگار ئەنجام بدەیت وەهیچ هاوبەشێکی بۆ دانەنێیت لەپەرستنی‌دا، وەئەم تەوحیدەبوو کەوا هاوبەش بڕیاردەرانی کاتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾دانیان پێدا نەدەنا ،وە لە دێر زەمانەوە شەڕو بەربەرەکانێی لەسەر ڕوداوە .

ج-(توحيد الاسـماء والـصفات) یەکخواپەرستی نـاوو سیفاتەکانی پەروەردگار/ بریتی‌یـە لـەوەی کـەوا ئیمـان بهێـنین بـەو نـاوو سـیفاتانەی خـوای پـەروەردگار هـەر وەکـو چـۆن لـە قورئـان و فـەرموودە صـەحیحەکاندا هاتووە، بە بێ ئەوەی مانا ڕاستی‌یەکانیان بگـۆڕین بـۆ واتایەکی بەتاڵ و هەڵە،

وە بە بێ ئینکاری‌کردنی هـیچ کـام لـەو نـاوو سـیفاتانە بـەگوێرەی ئـارەزوی خۆمـان ،وە هـەروەها بـێ ئـەوەی هیچ چۆنێتی یەکیان بۆ دابنێین بە مێشکی خۆمـان، وە هــەروەها هــیچ کــام لــەو نــاوو ســیفاتانەی خــوای پەروەردگارناشـــوبهێنین بەدروســـت کراوەکـــانی پـــەروەردگار لـــەڕووی لێـــك چـــونەوە،وە لێکدانـــەوەی ناووسـیفاتەکانی پـەروەردگار لـە ڕووی چـۆنێتی‌یەوە دەگەڕێنینەوە بۆلای خوای پەروەردگار، بەڵام لـە ڕووی واتاوە دیارن[1]. والله تعالى اعلم

(1)- (الفرقة الناجية للشيخ محمد بن جميل زينو) .

لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران بەردەوام بوونە توشی بەربەرەکانی بوونە لەگەڵ خەڵکانی دوور لە خوا ، وە ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە" ئەوانەی دژایەتی شوێنکەوتوانی پێغەمبەران دەکەن لە دوای پیغەمبەرەوە﴿ﷺ﴾تێیاندا هەیە هەر بە ناوی ئیسلامەتیەوە دژایەتیەکەیان بەرپا کردووە ،جا بۆیە پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان لە تانە و تەشەری میللەتەکانیان بێ بەش نەبوونە، وە تاوەکو ڕۆژی قیامەتیش هەر کەسێك لە سەر ڕێبازی پێغەمبەران بەردەوام بێت بە گوێرەی ڕادەی دەست گرتن و پابەند بوونی بە ڕێبازی پێغەمبەرانەوە توشی ناخۆشی دەبێت لە سەر دینەکەی ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ لە پێش پێغەمبەرایەتی بە(ڕاستگۆی دەست پاك ) ناوی دەر کردبوو لە ناو میللەتەکەی بەلاَم دوای ئەوەی خوای پەروەردگار نیگای بۆ نارد ئینجا میللەتەکەی بە پێچەوانەی پێش تر دەستیان کرد بە قسە پێ ووتن و ناوو ناتۆرە دۆزینەوە لێی،جارێك بە شێت و جارێك بە جادوگەر و جارێك بە................. هتد .

ئەمەیش هیچ بانگەواز کەرێك لێی بێ بەش نابێت ، مەبەستیش لە بانگەواز کەر ئەوانەن کە بانگەوازەکەیان وەکو پێغەمبەرانە نەك ئەوانەی ڕێبازی ئیسلام لە بیر و بۆچونەکانی خۆیان هەڵدە هێنجێنن .

ڕوون و ئاشکرایشە وەکو وتمان خاڵی ناکۆکی لە نێوان پێغەمبەران و ئومەتەکانیان تەوحیدی پەرستنی پەروەردگار بووە ئەمەیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا تاکە ڕێبازێك هەبێت بە ڕاست دابنرێت لە دوای پێغەمبەران ڕێبازی ئەو کەسانەیە کەبست بە بست لە سەر ڕێگەی پێغەمبەران دەڕۆن و تاکە ئاواتیشیان ئەوەیە تەوحیدی پەرستنی خوای پەروەردگار بەدی بێت لە ناو میللەتەکانیان، نەك ئەم ئامانجە بگۆڕنەوە بە چەند ئامانجێکی دونیایی و بە ناوی دینەوەیش بیکەن وەکو بە دەست هێنانی چەند کورسی یەك لە حکومەتەکان ئەگەر بیان دەنێ! ئەم کۆتایی یەیش سزایەکی پەروەردگارە لە

دونیا جا لە دوا ڕۆژیشدا خوای گەورە دەزانێت سەرەنجامیان چۆن دەبێت "مەبەست ئەوانەن بانگەواز دەکەن بەناوی دین و پێچەوانەی پێغەمبەرانیش دەکەن" .

جا ئەو تەوحیدەیش کەوا پێغەمبەرانی لەپێناودا هاتوون بریتییە لەوەی کەوا مرۆڤی کافری پێ موسڵمان دەبێت، بگرە قورئانی پیرۆزیش هەمووی هەر لە باسی تەوحیدەو پێغەمبەرانیش هەر هەموویان لە بەر تەوحید نێردراون، وژیانی موسڵمانیش دەبێت هەر هەمووی بۆ تەوحید بخرێتە گەڕ، وە پەروەردگاریش دنیای دروست کردووە لە بەر تەوحیدی پەرستنی خۆی،پەری و مرۆڤیشی هەر لە بەر تەوحید دروست کردووە، بەهەشت و جەهەنەم هەر لەبەر تەوحید دروست کراون، مانەوەی هەتا هەتایی لە بەهەشت هەر لەبەر تەوحیدە لە ئاگریش هەر بە هەمان شێوە، هەمووپێغەمبەرانیش سەرەتای بانگەوازەکانیان هەر بە تەوحید دەست پێ کردووە ،وە خوای پەروەردگاریش فەرمانی پێ کردوون کە بیگەیەنن بە خەڵکی، ئەوەتا پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ (١٣ ) سیانزە ساڵی سەرەتای بانگەوازەکەی تەنها و تەنها بۆ تەوحید بوو لە شاری مەککەی پیرۆز بێ ئەوەی فەرمان بە هیچ شتێك بکات یاخود قەدەغەی هیچ شتێك بکات، وە هەروەها پێغەمبەر﴿ﷺ﴾هاوەڵانیشی هەر لەسەر تەوحید پەروەردە دەکردلە منداڵییەوە ،بە پێچەوانەی نەزانانی ئەمڕۆ کەوا تێدەگەن بانگەواز کردن بۆ تەوحید جیاوازی و دوبەرەکی دەخاتە ناو ڕیزی موسڵمانانەوە ! !جا گومانی تێدا نییەکە ئەو ڕیزەی بە فێربوونی تەوحید تێك بچێت لەسەر بناغەی بانگەوازی پێغەمبەران دانەمەزراوە ،چونکە ئەم تەوحیدە حەقیقییە دینی خوایە کەوا هەموو بەشەکانی تری لە سەر دادەمەزرێت، وە خوای پەروەردگاریش جگە لە تەوحید هیچ دین و ڕێبازێکی تر قەبووڵ ناکات "چونکە لە هەمان کاتدا دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ هاوەڵانی لەسەر تەوحید پەروەردە کرد فێریشیانی دەکرد کەوا یەکەم خاڵی بانگەوازەکەیان هەر بە تەوحید دەست پێ بکات ،بە بەڵگەی ناردنی موعازی

كوری جەبەل(خوای لێ ڕازی بێت) بۆ بانگەواز کردن بۆ یەمەن کە پێی فەرموو: ﴿ فليكن أول ماتدعوهم اليه شهادة أن لا اله الا الله ﴾[٢].

واتە/ با یەکەمین شت کە بانگیان دەکەیت بۆی تەوحید بێت (لااله الاالله ).

ئەمانە هەمووی گرنگێتی تەوحیدی پەرستن دەردەخەن، جا هەرکەسێك وەکو پێغەمبەران گرنگی بە تەوحید نەدات و حەقی خۆی نەدات ئەوا ئەو کەسە پێچەوانەی پێغەمبەرانیکردووە بە زمانی حاڵی ئەگەر چی بەزمانی قسەش بڵێت من لە سەر ڕێبازوڕێگای پێغەمبەرانم!!! .

وە پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ دەفەرمێت: ﴿لاتزال طائفة من امتي ظاهرين علی الحق.... ﴾[٣].

واتە / هەر بە بەردەوامی کۆمەڵێك لە ئومەتی من دیارن وئاشکران لەسەر حەق....ئەم کۆمەڵەی کە لەسەر حەقن لە ڕووی بانگەواز کردنیشەوە هەر لە سەرحەقن و بەنیگا کاردەکەن، نەك لە سەربیرو بۆچونی کەم و کوڕی مرۆڤ، جا هەر لە زنجیرەی شوێن کەوتوانی پێغەمبەران کۆمەڵە زانایەکی زۆر هەبووە ڕێبازی پێغەمبەرانیان زیندووکردۆتەوە لە هەموو لایەنەکانی ئیسلام، وە لە هەموو ڕوویەکیشەوە بانگەوازی خۆیان لە پێغەمبەران وەرگرتووە، نەك وەکو کەسانێك کەوا بانگەوازەکەیان لە بیرو هۆشی خۆیان وەرگرتووە وداڕشتووە !! وەدەڵێن لە عەقیدەدا سەلەفین و لە پەروەردا ئیخوانین و لەجیهادیشدا ....

( سبحان الله !!! )

ئەم ئاخاوتنە مانایەکی زۆر گەورە و ترسناکی هەیە و حوکمی ترسناکیشی دەبێت لە سەر خاوەنەکانیان ئەگەر بزانن چی دەڵێن ،جا لێرەدا دەڵێین :

ئایاسەلەفی صالح پەروەردەیان نەبووە تا لێیان وەربگرن ؟!

ئایا سەلەفی صالح پەروەردە نەکراون لە لایەن پێغەمبەری خواوە﴿ﷺ﴾ ؟ !

---

(2)- (رواه مسلم)، كتاب الايمان،باب الدعاء الى الشهادتين وشرائع الاسلام، رقم الحديث (٣١).

(3 )- (رواه مسلم) . ك الامارة . ب ( لاتزال طائفة من امتي ...... ) رقم الحديث ( ١٧٠ ) .

ئەو سەلەفەی کەوا پەروەردگار لە دونیادا لێیــان ڕازی بــوو ، ئەمانـــەو چـــەندین پرسیاری تر خۆیان دەهێننە پێشەوە جا لێرەدا ئەوەی شایەنی بە بیرهێنانەوەیە ئەوەیـە: کەڵەزانایـەکی نـاوداری ئـەهلی سوننەت و جەماعەت کەوا بست بە بست وهـــەنگاو بـــە هـــەنگاو لەســـەر ڕێبـــازی پێغەمبەران ڕۆیشت ومەنهەجەکەی(**شیخ الاسلام ابن تیمیة**) ی زینـدووکردەوە لـە سـەدەی دوانـزەی کۆچیدا،ئەویش زانـای پایەبـەرز شـێخی ئیمـام محمـدی کـوری عبـدالوهاب (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت ) ئەم ئیمامە بەرزە کە کتێبـە بچوك و بە بەرەکەتـــەکانی ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژ ئـــاوای گرتـەوە جـا هـەر وەکـو چـۆن لـە سـەر ڕێبـازی پێغەمبــەران ڕۆیـشت هــەر بــەم شێوەیەیش وەکـو پێغەمبـەران بـێ بـەش نـەبوو لـە تانـەو تەشـەری میللەتەکـەی و ناوو نـاتۆرێکی زۆر و بوختـانێکی یـەکجار زۆری بـۆ هەڵبەسـترا،وبەزۆر شـت تۆمـەت بـار کـرا، وە لـە ئـەنجامی هـەموو ئـەو بوختانانەی پێیدا هەڵبەسترا فـەرمووی :

﴿**سبحانك هذَا بهتـانٌ عظـيمٌ** !!! ﴾[٤].

جا دوژمنانی دینی خوا چ لەکافران یاخود لـە ئـەهلی بیدعـە و گومڕاکـان دەسـتێکی زۆر زۆر بالأیـان هـەبوو بـۆ ئـەو پـیلان و بوختانانـەی کـەوا دەدرایـە پـاڵ ئیمـام، بەڵام ئیمام چۆکی دانەدا بەرامبـەر پـیلان گێڕانی ئیبلیس و پشتیوانانی، چونکە زۆر باش دەیزانی کە فێڵ و تەڵەکەونەخـشەی ئیبلیس زۆر بێ هێز و پوچەڵە .

جـا یـەکێك لـەو بوختانانـەی کـە بـۆی هەڵبەسـترابوو ئـەوە بـوو دەیـان ووت: (خەڵکی کافر دەکات بەتێکڕا !!!).

لــەم کاتــەدا بــوو فــەرمووی ( پــاك و بێگەردی بـۆ تـۆ ئـەی خوایـە گیـان ئەمـە بوختانێکی زۆر گەورەیە !!!) .

یـاخود دەیـان ووت: (مەزهـەبێکی تـری پێنجەمیبۆخۆی داناوە !!!).

دیارە ئەم بوختانەیش هەر پوچەڵکرایەوە چـونکە ئـەوەی چـۆڕێکی لـە ژیـانی ئـەم کەڵـــە ئیمامـــە خوێندبێتـــەوەدەزانێت کەمەزهەبی فیقهی ئیمام حەنبەلی بووە بە

---

(4 )– (النور/١٦).

مەرجێك پێچەوانەی قورئـان و فـەرموودە صەحیحەكان نەبێت .

وە هەنـدێكیش تـاوەكو ئـەمڕۆ كۆمـەڵی (وەهـابی ) دەدەنـە پـاڵ ئـەم ئیمامـە ! گوایـە ئیمـام ڕابـەری ئـەم كۆمەڵـە گومڕایەیە ! جا لێرەدا دەبێت كـەمێك لـە سـەر ئـەم خاڵـە بوەسـتین و بـزانین حەقیقـەتی وەهابیـەت چـیە و ؟ كـێ دامەزرێنـەری وەهابیەتـە ؟ ! وە پێویستیشە شتێك لە ژیانی ئەم ئیمامە بە كورتی بزانین، جا بۆیە دەڵێین :

ئیمـام لـە سـاڵی ( ١١١٥ ) ی كۆچـی لـەماڵێكی دینـدار وپڕلـەزانیاری لـەدایك بووە،وەبـاوكی زانایـەكی گـەورە بووە،وەباپیریشی(سلیمان) زانـای (نجـد) بـووە لەسـەردەمی خۆیـدا،پێش تەمـەنی دە(١٠) سـاڵی قورئانی‌پیرۆزی‌لەبەركردووە،پاشـان فیقهی‌خوێندووە وەزۆر پەرتوكی تەفسیرو فـەرمودەی دەخوێندەوە،وەبۆگـەڕان بـەدوای زانـستدا زۆر شـوێن گەڕاوە،وەلـەلای زانـای پایـە بـەرز شـێخ **عبـد الله بـن ابـراهیم الـشمري** وفەرموودەناسـی بـەناوبانگ شـێخ محمـد **حیـاة الـسندي** دەرسـی خوێندووە،وەپـەرتوكێكی زۆری لـەدانراوەكانی شـێخی ئیـسلام (**ابـن تیمیـة** ) و(**ابـن القـیم**) بەدەسـتی خـۆی نوسـیوەتەوە، وە لـە سـاڵی ( ١٢٠٦ ) ی كۆچی، كۆچی دوایی كردووە .

كەواتە كۆی گشتی تەمەنی ئیمـام ( ٩١ ) سـاڵ بـووە، ئیمـام لـە تەمـەنی ( ٢٥ ) ساڵیدا دەستی داوەتە بانگەواز كـردن بـۆ لای خـوای پـەروەردگار، ئەمـەیش پـاش ئـەوەی كـە لـەلای كۆمـەڵێك زانـا زانـستە شەرعی یەكانی خوێندبوو ،

بە تایبەتی باوكی كـەوا هەرلـە سـەرەتای منداڵی یەوە زانستەكانی لای باوكی خۆی خوێنـدووە و باوكیـشی زانایـەكی ئـەو سـەردەمەبووە . واتـا ئیمـام ئـەو ( ٢٥ ) سـاڵەی تەمـەنی لـە بەدەسـت هێنـانی زانستی شەرعی بە سـەر بـردووە ، ئینجـا دەستی داوەتە بانگەواز كردن .

جالێرەدا بۆ ئـەوەی بناغـەی وەهابیـەكان چـاك هـەڵماڵین پێویـستە كورتـە باسـێك بكـەین دەربـارەی (عبـدالرحمن ی كـوڕی ڕۆسـتەم ) : خـەوارجێكی ئیبـازی بـووە كاتێـك كـەوا زانیـوێتی نزیكـی سـەرە

مـەرگێتی ئـەمیش لـە سـاڵی ( ١٧١ )ی کۆچی بووە هەستاوە وەسێتی بۆ حـەوت ( ٧ ) کەس کردووە لە شـوێن کـەوتوانی، لەوانـە: (عبـدالوهاب)ی کـوڕی و( یزیـدی کـوڕی فنـدیك) ، ئینجـا لـە دوای مردنـی عبدالرحمن ی کوڕی ڕۆستەم بەیعەت درا بـە عبـدالوهاب ی کـوڕی عبـدالرحمن ی کوڕی ڕۆستەم، بۆیە لە ئـەنجامی ئەمـەدا شـوێن کـەوتوانی عبـدالرحمن ی کـوڕی ڕۆستەم بوون بە دووکۆمەڵەوە:

کۆمەڵی یەکـەم :پێیـان دەوتـرا (وەهـابی یەکان) وەکو نیسبەتێك خۆیان دایـە پـاڵ عبدالوهاب ی کوڕی عبـدالرحمن ی کـوڕی ڕۆستەم .

کۆمـــــەڵی دووەم : پێیـــــان دەوتـــــرا (نەکارییەکان) .

جـــا لـــە نێـــوان ئـــەم دووکۆمەڵەیـــەدا شەڕوپێکدادانێکی زۆر ڕوویدا تاوەکو لـە کۆتایـدا نـەکارییەکان لـەناو دەچـن و نامێنن و وەهابی یـەکان سـەردەکەون بـە سەر نەکارییەکاندا .

وە دەربارەی مردنی عبدالوهاب یکوڕی عبدالرحمن ی کوڕی ڕۆستەم دوو بۆچـون هەیەیـەکێکیان دەڵێـت:لەسـاڵی (١٩٠)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە ،وە ئـەوەی تریـان دەڵێـت سـاڵی ( ١٩٧ ) کۆچـی مـردووە ، وە ئـەوەی شایانی باسـە ئـەم وەهـــابی یانـــە دەســـتکارییەکی زۆی شەریعەتیان کـردو زۆریـان لێـی گـۆڕی و حەج کردنی ماڵی خوایان سڕی یەوە، ئەم کارانـــەیان وای کـــرد لـــە زانایـــانی ئـــەو سەردەمە ، کەوا حوکمێکی تونـد و تیـژ و بە حەق دەربارەیان دەر بکەن،و فـەتوای لـــەدین دەرچـــون وکافربونیـــان بـــدەن، لەوانـــە: مـــوفتی ئەنـــدەلوس وبـــاکوری ئەفریقیا شێخ (**علي بـن محمـد اللخمـي** ) کەفــەرمووی:(وەهابییــەکان کۆمــەڵێکی خەوارجی گومڕای کافرن ).

جـا لێـرەدا لـە چـەند ڕوویەکـەوە بۆمـان ڕوون دەبێتـــەوە کـــەوا دامەزرێنـــەری کۆمەڵی گومڕای وەهـابی ( عبـدالوهاب ی کـوڕی عبـدالرحمن ی کـوڕی ڕۆسـتەمە ) نەك محمدی کوڕی عبدالوهاب ) ئەمـەیش بەم شێوەیەی خوارەوە .

١- مـوفتی وولاتـی مـەغریب فەتواکـەی دەربـــارەی عبـــدالوهاب ی کـــوڕی عبـدالرحمن ی کـوڕی ڕۆسـتەمە نـەك محمـدی کـوڕی عبـدالوهاب، ئەمـەیش

بــەوە دەردەکــەوێ چــونکە شــێخ لەخمی مـوفتی لـە سـاڵی ( ٤٧٨ ) ی کۆچــی، کۆچــی دوایــی کــردووە ،وەهــەروەها احمـدی وەنشریـسی لـە کتێبەکەیدا کەوا ئەم فەتوایـەی شـێخ لەخمی موفتی نەقڵ کردووە لە سـاڵی ( ٩١٤ ) ی کۆچی مـردووە، جـا ئێمـە ووتمــان ئیمــامی محمــدی کــوڕی عبدالوهاب لـە سـاڵی ( ١١١٥) کۆچـی لەدایك بووە لەساڵی (١٢٠٦)یکۆچی، کۆچی دوای کردووە بۆیە(٢٩٢ ) ساڵ لە نێوان وەنشریسی (خـاوەنی کتێـب ) و (ئیمــــام محمــــدی کــــوڕی عبــدالوهاب)دایــە!!!!!، وە لـــە نێــوانی ئیمــام و مــوفتی ( ٧٢٨ ) ســاڵە!!!!! واتــە/ کاتێــك ئــەم فەتوایە دراوە و نوسراوەتەوە هێـشتا ئیمــام محمــدی کــوڕی عبــدالوهاب نــەهاتبووە دونیــاوە بگــرە بــاپیرەی (٢٢)ەمی لەدایك نەبووبوو .

وەلە نێوانی مردنـی عبـدالوهاب ی کـوڕی عبـدالرحمن ی کـوری رۆسـتەم و مردنـی ئیمام محمدی کـوڕی عبـدالوهاب نزیکـەی (٣١) بـاپیری ئیمـام هێـشتا نەهاتبوونـە دونیاوە، جا هەر کەسێك شوێن کەووتـەی حەق بێت ئەوا دەتوانێت بزانێـت وەهـابی چین و کێن(٥) . بەڵام ئەو کەسانەی نـاوی وەهابی دەخەنە سـەر کەسـانێك کـەوا لـە گـەڵ حـەزوو ئارەزووەکانیـان نـاگونجێن ئەوا با زۆر چاك بزانن کـەوا لـەم خاڵـەیان دا هــاودەنگن لەگــەڵ دوژمنــانی خــواو پێغەمبــەر ﷺ چــونکە کاتێــك نــاوی وەهــابی لــە ســەر بانگەوازەکــەی ئیمــام محمدی کوڕی عبـدالوهاب دانـرا کـەزانیان سەرکەوتنی بەدواوەیە، وە زانیان کەئەمە ڕێگاڕاستەکەی ئیسلامە، جـا بێبـاوەڕان و کـافران کاتێـك ویـستیان ئـەم بانگـەوازە سەرنەگرێت و ئامانجەکانی خۆیان بپـێکن هەستان بانگەوازی ئیمامیان لە کەدار کرد بــەهۆی ئــەم ووشــەیەوە (وەهــابی) ! ئەمــەیش لــە بــەر ئــەوە بــوو چــونکە وەهابیەیــەکان( شــوێن کەوتــەکانی عبـدالوهابی کـوڕی عبـدالرحمن ی کـوڕی ڕۆســتەم )ســوپاس بــۆ خوالــە نــاو موسڵمانانـدا ناحەزو ناشیرین بوون، بگـرە

---

(5)- بە تێر و تەسەلی لە کتێبی ( تصحيح خطأ تاريخي حول الوهابية ) باسی ئەم بابەتە دەکات، وە ئێمەیش ئەم بابەتانەی ئیمامان لەم کتێبەوە وەرگرتووە .

گومڕا و کافر بوون بە گوێرەی فەتواکەی شێخی لەخمی( ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، چونکە حەجیان قەدەغە کردبوو.

جا بە هەمان شێوە لەم سەردەمەی ئێمەیشدا دیسانەوە کەسانێك هەن دەیانەوێت ناوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت (شوێن کەوتوانی سەلەف) بزڕێنن وناشیرینیان بکەن!

جا ئەوانەی ئەیانەوێ ناوی شوێن کەوتوانی سەلەفی سالح بزڕێنن لە پێش چاوی خەڵکی زۆر جۆریان هەیە: تیایاندا هەیە زۆر بێشەرمانەو لەخوا نەترسانە قسەی ناڕێك و وناشیرین بە زانا بەرزەکانی ئەهلی سوننەت وجەماعەت دەکەن وپێیان دەڵێن زانایانی حەیز و ئینفاس و بەس ! تیایاندامەیە پێیان دەڵێن مورجئە .............. هتد

دیارە ئەم هەموو ناوو ناتۆرانەیش تەنها لە بەر ئەوەیەکە شوێن کەوتوانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت ناچنە سەر بیر و بۆچونە بیدعی یەکانی ئەوان .

وەبۆ زیاتر ڕون کردنەوەی بانگەوازی ئیمام محەمەدی کوڕی عبد الوهاب ئەم چەند خاڵە دەنوسین :

١-بانگەوازی ئیمام حیزبێك نەبوو تاوەکو ڕێکخستنێکی حیزبایەتی هەبێت، بەڵکو زیندوو کردنەوەیەك بوو بۆ دینی خوا لە سەر هەنگاوەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەکانی .

٢- وە هەر وەها مەزهەبێکی تازەیشی نی یە کەوا هەڵگرانی پێچەوانەی مەزهەبەکانی تری پێ بکەن .

٣- ئیمام لە عەقیدەدا سەلەفی بووە، حاڵیشی وەکو حاڵی هەموو بانگەواز کارێکی سەلەفی بووە لە هەموو کات و شوێنێکدا ،وەبانگەوازی بۆ تەوحیدی خوای گەورە کردووە بەدڵسۆزی عیبادەت بە تەنها بۆخوا .

٤- بەڵام مەزهەبی فیقهی ئیمام لەسەر مەزهەبی ئیمامی احمدی کوڕی حەنبەل بووە، هەر وەکو چۆن حەنەفی هەیەعەقیدەی سەلەفی یە،وەشافیعی هەیە عەقیدەی سەلەفی یە، وە مالیکی هەیە عەقیدەی سەلەفی یە .

جالە کۆتایدا داواکارم لە پەروەردگار لە سەر ڕێبازی پێغەمبەران بەردەوامیمان

پێ ببەخشێت و لە گوناە و تاوانەکانمان خۆش بێت . امین

**وصلى الله تعالىعلى نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين .**

## سەرچاوەکان :


١- **صحيح مسلم بشرح النووي ط دار الكتب العلمية بيروت .**

٢- **كيف نعالج واقعنا الأليم جمع واعداد / أبو انس علي بن حسين أبو لوز الطبعة الاولى .**

٣- **تصحيح خطأ تاريخي حول الوهابية د/ محمد بن سعد الشويعر الطبعة الثالثة ١٤١٩ هـ .**

٤- **الفرقة الناجية للشيخ محمد بن جميل زينو طبعة مكتبة الغرباء .**

٥- **الامام محمد بن عبدالوهاب دعوته وسيرته/ الامام ابن باز .**

٦- **فتح المجيد للشيخ عبدالرحمن بن حسن آل الشيخ .**

٧- **التعليقات على كشف الشبهات ل ( طلعت مرزوق ) دار الايمان للنشر والتوزيع .**

٨- **دعوة الشيخ محمد بن عبدالوهاب للشيخ محمد بن جميل زينو حفظه لله تعالى الطبعة الاولى دار ابن خزيمة .**


### من أقوال السلف

**قال الامام يوسف بن أسباط(رحمه الله):**

**﴿ كان أبي قدرياً،وأخوالي روافض،فأنقذني الله بسفيان﴾** [1].

واتە/ باوکم قەدەری بوو، وەخاڵۆکانیشم **رافضة** بوون،خوای طەورة منی رزطار کرد بەهۆی سوفیانەوة .

قال الامام سعيد بن الجبير(رحمه الله):

﴿ لأنْ يَصْحَبَ ابني فاسقاً، شاطراً،سنياً،أحبُّ اليَّ مِنْ أنْ يَصْحَبَ عابداً مبتدعاً﴾ [2].

واتە/ ئەگەر کوڕەکەم هاوڕێ یەتی کەسێکی دەرچوو لە گوێڕایەڵی خوا وسەرپێچی کەری خراپي سوننی بکات ، پێم خۆشترە لەوەی کە هاوڕێ یەتی خواپەرستێکی بیدعەچی بکات .

(1) – (اللالكائي) : (٦٠/١ رقم ٣٢).

(2) - ( الشرح والابانة)(لابن بطة): (رقم ٨٩).